# موديلى PEST

**ئاسۆ حامدی**
**دیسەمبەری 2005**

ئەم مودیلە بو هەرچی گەشەدان بە ئابووری سەرمایەداران بەکاردێت، ئەم مۆدیلە هاویەکی لە نیوان سیاسەت و ئابووری و سۆسیال و تەکنەلۆژیا لە دونیای ئەمرۆدا دروست دەکات.
دەولەت و سەرمایەداران بۆ هەر کارێکیان مۆدیلەکیان بۆ ئامادەکردووە. ئەمەش یەک لەمانەیە.

پیش ئەوەی باس لە ناوەختی ئەم مودیلە بگەین، توزێ باس لەپرۆسەی دەورانەکانی سیاسەت دەکەین.
دەورانەکانی سیاسەت و تەوجیهاتی سیاسی بریتین لە :
1. زانیاریەکانی کێشەو گرفتەکان.
2. رۆژژمێرەکان ، یانی ئەجندەی سیاسەت و سیاسیەکان لە وولات و ئەنتەرناسیونالْ.
3. فۆرمۆلبەندیە سیاسەتەکان.
4. گرتنەوەخۆی سیاسەت لە وولاتدا.
5. بە عەمەلی کردنەوەی سیاسەت و تەوجیهاتەکانی دەولەت.
6. کۆتایی هینان و لێکۆلینەوە لە بەعەمەلی کردنەوەی سیاسەتەکان.

بۆئەوەی لە مۆدیلەکە شارەزابین دەبێ لە لێکۆلینەوەی فاکتۆرەکان و کاریگەرە سەرکیەکانی بگەین.بۆ لێکۆلینەوەی فاکتۆرەکان دەبێ رۆشەن بێ، بۆ لیکۆلینەوەی فاکتۆرەکان زۆر هۆکار هەن بۆ روون کردنەوەیان یان زۆر مۆدیل هەن لەمانە مۆدیلی مۆسکۆ
Moscow,
ئەمە یانی
Must, should,could, would....هتد
لیرەدا پێویستیەتی فاکتۆرەکان و لە ئاییندەیدا نیشان دەدات. بۆ هەر شتی کە پێویست بێ دەیان پرسیار سەرهەلدەدەن لە ئەنجامی بەرەنجامی وەلامەکان فاکتۆرەکان دیاری دەکرین..
یان مۆدیلی تۆکیو
Tokio
T: Timeکات
O: Organisationرێکخراو
K: Kost بەهای ( خەرجیەکان)
I: Informationزانیاریەکان

لێرەدا هەر یەکێ لەمانە مانا و واتای خۆی لە عەمەل دا هەیە.ئەمانە پەیوەندیەکی دینامیکی یان لەگەل یەکدا هەیە و هەر چۆن لە ماددەی دیالکتیکدا وجودیان هەیە. ئەم دینامیکیەتە رۆشنایی بە فاکتەرەکان دەدا. لیرە فاکتەر مانای هۆیەکانی ئەنجام دانی کارێ دەگەیەنێ، کاتی ئەمانە ڕۆشەن بوون ئەوا بۆ و چوون سیاسەتێ کە پیادە دەکرێ تۆزێ پەردەی لەسەر سەرخەتەکانی هەلدەدرێتەوە،( ئەم مۆدیلانە بۆ پلانی کاری پرۆژە گەورەکانیش بەکاردێن ).
ئەوکات دەتوانین لە مۆدیلی
PEST بگەین
P: Politiekسیاسەت
E: Economieئابووری
S: Sociaalکۆمەلایەتی
T: Technologieتەکنەلۆژیا

لیرەدا مەبەست لە فەهمە بۆ کۆمەلگا، لە روانگەی ئەم مۆدێلە ئەم چوار خالْە بنەمان لە کۆمەلگای سەرمایەداری دا.لیرەدا زیدەبایی و هیزی کاریکریگرتە خۆی یەکلادەکاتەوە..
سەرمایەداران ئەوەندە بە هانای سۆسیال و کۆمەلایەتی بەشەریەوەنین، بەلام لێرەدا کاری خۆیان پێ هەیە.

بنەمای ئابووری و سیاسی کۆمەلگا و بنەمای کۆمەلایەتی دیاری دەکات، تەکنەلۆژیا یانی هۆەیەکانی بەرهەمهێنان ئامرازیکن لە دەست خاوەنکاران. لە هەمان کاتدا تەکنەلۆژیا و بنەما کۆمەلایەتیەکان کاریگەری زۆریان لەسەر ئابووری وسیاسەتی کۆمەلگاوە هەیە.
زانا ئابووری و سیاسەتمەدارەکانی بۆرژوایی هەموو دەم لەهەولی ئەوەدان کۆمەلگای بەشەری هەرچی زیاتر دەستەمۆ بکەن و ئەزەلیەتی سەرمایە بەیان بکەن. لیرەدا لە دەورانەکانی سیاسەتی دەولەتی سەرمایەداران دەگەین:
لە وولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا چونکە یاسا سەروەری خۆی هەیە، کێشەی کار و سەرمایە بە قانوونی بۆتەوە. بۆ چینی کریکارانی ئەوولاتانە و بەشی هۆشیاریان لە رێکخراوە پارتە چەپەکانیاندا زۆرگرنگە کە لە سیاسەت و مۆدیلەکانی سەرمایەداری و دەلەتیان بگەن.
بەنموونە لیرەدا مەسایلی وەکو کریکار و نەوەکانی ، سروشت و ژینگە مانایەکی نیە، لیرەدا کاریگەری تەکنەلۆژیا کە یەک لە سەرچاوەکانی بێکاریە لە زۆر مەیدانەکانی کاردا هەر باسی لی ناکرێ..
ئەم جۆرە مۆدێلانە کاریگەری جدیان لە سەر ژیان و گوزەرانی کۆمەلگاوە هەیە. بۆیە تێگەیشتنیان ئەهمیەتیکی گرنگی هەیە.نەک هەر لەباری زهنی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری بەلکو بۆ حەرەکەکردن دژی ئەم سیاسەتە کە کۆمەلگا بەرەو ئاراستەی دژی مرۆڤایەتی دەبا لە ناوەرۆکدا...

---

سەرچاوە: محازەرەیەکی هەرمینا هەلمینک مامۆستای ئابووری سیاسی لە ئامۆژگای ڤان هاڵ لە لیواردن لە هۆلەند.
Hermina Helmink - Van Hall instituut Leeuwarden - Nederland